# ڕێچکەکانی خوێندن

سیستەمی خوێندنی فینلەندا بە کورتی

# پەروەردەی ساوایی و خوێندنی پێش سەرەتایی

منداڵانی خوار تەمەنی قوتابخانە دەرفەتی بەشداریکردنیان هەیە لە پەروەردەی ساوایی کە لەلایەن شارەوانیەوە ڕێك دەخرێت.   کە تێکەڵەیەکە لە پەروەردە و فێرکردن و چاودێری

سەرپەرشتیار بەرپرسیارێتیی ئەوەی لە ئەستۆدایە کە مشووری ئەوە بخوات کە منداڵەکەی بەشداری بکات لە خوێندنی پێش سەرەتایی یان هەر کارێکی تر کە پڕکەرەوەی ئامانجەکانی ئەو خوێندنە. خوێندنی پێش سەرەتایی خوێندنێکە کە یارمەتیدەری مەرجەکانی فێربوونی منداڵە. منداڵ لە ساڵی پێش دەستپێکردنی ئەرکی خوێندنی ئیجباری بەشداری لە خوێندنی پێش سەرەتایی دەکات.



# خوێندنی بنەڕەتی

ئەرکی خوێندنی ئیجباری بەشێوەیەکی گشتی لەو ساڵەدا دەست پێ دەکات کە تەمەنی منداڵ دەبێتە ٧ ساڵان. لەو کاتەدا منداڵ دەست دەکات بە خوێندنی قوتابخانەی بنەڕەتی کە پۆلەکانی ١-٩ لە خۆ دەگرێت.

بە پۆلەکانی ١- ٦ ی قوتابخانەی بنەرەتي دەوترێت قوتابخانەی سەرەتایی و پۆلەکانی ٧-٩ قوتابخانەی ناوەندی. لە دوای قوتابخانەی بنەرەتی گەنجان داوا پێشکەش دەکەن بۆ خوێندنی دوای بنەرەتی کە بریتین لە قوتابخانەی ئامادەیی (دواناوەندی) یان قوتابخانەی پیشەیی.

ئەوسای کە گەنجێك تەمەنی دەگاتە ١٨ ساڵان ئەرکی خوێندنی ئیجباری کۆتایی دێت یان ئەگەر پێش ئەوە تاقیکردنەوەی بەکالۆریی ئامادەیی یان پیشەیی ئەنجام دابێت.



# ئامادەیی (دواناوەندی)

بە خوێندنی ئامادەیی و خوێندنە پیشەییەکان دەوترێت خوێندنی ئاستی دووەم. خوێندنی ئامادەیی خوێندنێکی ڕۆشنبیریی گشتیە و کارامەیی پیشەیی نادات

ئامادەیی بە شێوەیەکی ئاسایی سێ ساڵ دەخایەنێت و لە کۆتاییدا تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریای نیشتیمانی ئەنجام دەدرێت. ئەو کەسەی کە ئامادەیی تەواو کردووە دەتوانێت داوا پێشکەش بکات بۆ خوێندن لە زانکۆ و زانکۆی پۆلەتەکنیك یان خوێندنی پیشەیی.



# خوێندنی پیشەیی

**خوێندنی پیشەیی فێری پیشەیەکی** دیاریکراو دەکات، بۆ نموونە پیشەی نانەوا و هەویرکاریەکان، کارەباچێتی یان چاودێری کەم تواناکان. ئەو گەنجەی کە لە قوتابخانەی بنەڕەتیەوە یان لە ئامادەییەوە داوای خوێندنی پیشەیی دەکات، بە گشتی خوێندنێکی بنچینەیی پیشەیی ئەنجام دەدات، کە تیایدا ئەو زانیاریە سەرەکیانە فێر دەبێت کە مەرجن بۆ ئەو بوارە.

ئەو خوێندکارەی کە داوای پێشکەش کردووە بۆ خوێندنی پیشەیی، دەتوانێت جووتێك خوێندنیش جێبەجێ بکات: لەو کاتەدا شانبەشانی خوێندنە پیشەییەکەی خوێندنی قوتابخانەی ئامادەییش دەخوێنێت و بێجگە لە بڕوانامەی خوێندنی پیشەیی بڕوانامەی بەکالۆریی ئامادەییش بەدەست دەهێنێت.

دوابەدوای ئەنجامدانی خوێندنی پیشەیی، خوێندکار دەتوانێت داوا پێشکەش بکات بۆ خوێندنی زانکۆ، زانکۆی پۆلیتەکنیك یانیش ئامادەیی.



# زانکۆی پۆڵیتەکنیك

زانکۆ پۆڵیتەکنیکەکان و زانکۆکانی تر سیستەمی زانکۆ پێکدەهێنن. خوێندن لە زانکۆی پۆڵیتیەکنیکدا نزیکە کردەوەییە و پێویستیەکانی ژیانی کارکردن پڕ دەکاتەوە.

ئەو کەسەی کە خوێندنی زانکۆی پۆڵیتەکنیکی تەواو کردووە دەتوانێت داوا پێشکەش بکات بۆ خوێندنی زانکۆی پۆڵیتەکنیکی باڵا. بەڵام بەو مەرجەی ئەو کەسە لە دوای تەووکردنی خوێندنی زانکۆی پۆڵیتەکنیك دوو ساڵ لەو بوارەدا کە خوێندوویەتی کاری کردبێت.

ئەنجامداني خوێندنی زانکۆی پۆڵیتەکنیك بەشێوەی ئاسایی ٣،٥ ـ ٤،٥ ساڵ دەخایەنێت. ئەو کەسەی کە ئەو خوێندنەی تەواو کردووە دەتوانێت داوا پێشکەش بکات بۆ خوێندن لە زانکۆش.



# زانكۆ

خاڵی دەسپێکی خوێندنی زانکۆ بریتیە لە توێژینەوەی زانستی یان هونەری. خوێندنی زانکۆ بەشێوەیەکی سەرەکی پێك دێت لە خوێندنی ئاستی خواروو (بەگشتی بڕوانامەی بەکالۆریۆس) و خوێندنی ئاستی باڵا (بەگشتی بڕوانامەی ماستەر).

ئەو کەسەی کە داوا پێشکەش دەکات بۆ خوێندنی قۆناخی ماستەر دەبێت خوێندنی بەکالۆریۆسی تەواو کردبێت. ئەمەش دەکرێت بێجگە لە پلەی بەکالۆریۆس پلەی زانکۆی پۆلیتەکنیکیش بێت.

ئەوە کەسەی خوێندنی ماستەری تەواو کردبێت دەتوانێت داوا پێشکەش بکات بۆ ئەنجامدانی خوێندنی دوکتۆرا یان درێژەی خوێندنی لیسانس.

